HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین



# جێندەر و دوالیزمی یەکسانی و جیاوازی

د.ڤیان سلێمان *

ئافرەت و پیاو دوو لایەنی پێکهێنەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و پێکەوە ڕەوڕەوەی ژیان دەسوڕێننەوە، ئەم دوو مرۆڤە جیاوازن لە ڕووی بایەلۆژییەوە، وەک یەک نین لەڕووی تایبەتمەندیی و خەسڵەتە ڕەگەزییەکان کە ناسنامەی ڕەگەزی مرۆڤ پێکدەهێنن، ئەمەش خواکرد و سروشتییە. جێندەر وەک چەمک؛ جۆری کۆمەڵایەتی یان ئەو ڕۆڵەیە کە هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی کەلتور و گەشەی مێژوویی و سترەکتۆرە کۆمەڵایەتیەکەی بۆ هەریەکە لە ئافرەت و پیاو بە شیاوی دەزانێت. ئاماژەیە بۆ گشت ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوریانەی کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەن، ئەو تایبەتمەندییانەی دەدرێنە پاڵ هەریەکەیان؛ بۆ نمونە تایبەتمەندییەکانی ئازایەتی و هێز دەدرێتە پاڵ پیاو و سۆز و دڵنەرمی هی ئافرەت، سیاسەت وەک کایەیەکی پیاوانە و هەندێک پیشەی دیکە بۆ ئافرەت، دونیای دەرەوە وەک پانتاییەک بۆ ڕۆڵی پیاو و چوارچێوەی ماڵ بۆ ئافرەت، پیاو وەک سەرۆکی خێزان و ئافرەت وەک یارمەتیدەر و هەندێک جار پاشکۆ، بەوپێیەش مەبەست لە چەمکی جێندەر بۆ ئەوەیە؛ لە کاتێکدا جیاوازییە بایەلۆژییەکان چەسپاو و نەگۆڕن، بەڵام جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان مرۆڤکرد و دروستکراون، بۆیە دەکرێت دەسکاری بکرێن و بگۆڕدرێن و دابڕێژرێنەوە، بەو مانایەش (Gander) ڕوونتر دوالیزمی یەکسانی و جیاوازی جیا دەکاتەوە.

ڕوونتر؛ کۆمەڵگە لەسەر بنەمای جیاوازی بایەلۆژی، جیاوازی خستۆتە نیوان ئافرەت و پیاو لە ماف و دەرفەت و ئەرک و بەرپرسیاریەتی، ئەم جیاوازیانە بەرهەمی بیرکردنەوە و پەیوەندیی و پەروەردەی کۆمەڵایەتین و هیچ ڕەوایەتییەکی لۆژیکی و مۆڕاڵی و مرۆڤایەتییان نییە، بۆیە پێویستە هەڵبوەشێنرێنەوە و تێڕوانینێکی مرۆییانە و سترەکتۆرێکی کۆمەڵایەتی یەکسان جێگەیان بگرێتەوە.

لێرەدا لۆژیک پێمان دەڵیت، ئەگەر هێز و توانستی جەستەیی بنەما بێت بۆ جیاوازییەکان، ئێمە لەم ساڵانە و پێشتریش بینیومانە، کە هەرکاتێک ئافرەت ناچار بووبێ یاخود دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ، ئازایانە بەشداری ڕووبەڕووبونەوە چەکدارییەکانی کردووە و سەرکەوتووش بووە تێیدا، ئەگەر عەقڵ و ژیری پێوەر بێ، ئەوە چەندین توێژینەوە دەیسەلمێنێ کە توانای زیرەکی و ژیری ئافرەت ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نییە لە پیاو، یاخود سەرکەوتنەکانی ئافرەت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسەت و بەڕێوەبردن و زانست، هەروەها بە ڕاهێنان جەستە توانای بەهێزبوون و پتەوبوونی هەیە و هەر بە دەرفەت و ڕاهێنانیش هۆش و زیرەکی توانای گەشەکردن و فراوانبوونی هەیە، یان نە جەستە تا سەر بەهێز و پتەو دەمێنێتەوە و نەژیری و زیرەکیش نەگۆڕە و لە باری خۆیدا دەوەستێت، کە ئەم دوو بنەمایە مایەی گۆڕان بن، کەواتە هاوکێشەکان پێچەوانە دەبنەوە و بنەمایەکی لۆژیکی نییە بۆئەوەی پیاو باڵادەست و سالار و ئافرەت ژێردەستە و پاشکۆ بێت، بەڵکو پێویستە ئەم دوو مرۆڤە یەکسان بن.

هەمیشە جۆرە ناتێگەیشتنێک یاخود بەلاڕێدابردنێک بۆ چەمکی یەکسانی ئافرەت و پیاو دروستدەکرێ و هەوڵ بۆ ڕەتکردنەوە و پەسەندنەکردنی دەدرێ، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئافرەت شانازی بە ئافرەتبوونی خۆی دەکا و ناخوازێ شێوەی لە پیاو بچێ و وەک پیاو بیربکاتەوە و ڕەفتار بکات، دەیەوێت وەک خۆی بژی و هەستی مێیایەتی خۆی دەربخا و بە توانای ئافرەتانەی خۆی لە گۆڕەپانی ژیاندا بەشداری بکات. پێچەوانەکەشی هەر راستە، بەڵام ئافرەت خوازیارە لە ئازادیدا یەکسان بێ و مافی هەبێ و دەرفەتی بۆ بڕەخسێ و بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێ هاوتای پیاو، پەیوەندی نایەکسانانە و دابەشبوونی نایەکسانانەی دەسەڵات لەگەڵ پیاو لە هەردوو بواری گشتی و تایبەت کە بنەمای هەموو جیاکارییەکانە کۆتایی پێبێت، ئەو دەرفەتەی بۆ پیاو دەڕەخسێت لە ژینگە و گەشەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەویش بڕەخسێت، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە کوڕ بۆ جۆرێک ڕۆڵ و پێگە پەروەردە و بارنەهێنرێت و ئەمیش بۆ جۆرێکی دیکە، ئەو مافەی بە ڕەگەزی نێر دەدرێت بۆ چوونە دەرەوەی ئازادانە و خۆپێگەیاندن بە ڕەگەزی ئەمیش بدرێت، کاروباری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ وەک بەرپرسیاریەتی ئەمی ئافرەت وێنا نەکرێ و بڕیار و قسەی کۆتایی بۆ ئەوی پیاو نەبێ.

> „ ئافرەت شانازی بە ئافرەتبوونی خۆی دەکا و ناخوازێ شێوەی لە پیاو بچێ و وەک پیاو بیربکاتەوە و ڕەفتار بکات، دەیەوێت وەک خۆی بژی و هەستی مێیایەتی خۆی دەربخا و بە توانای ئافرەتانەی خۆی لە گۆڕەپانی ژیاندا بەشداری بکات

ئێمە نامەنەوێ وەک پیاو بین لە شێوە و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت، بەڵکو خەبات بۆ هاودەرفەتی و یەکسانی لەگەڵ پیاو لە فەزای گشتی و ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی و خاوەنداریەتی هاوبەش لەسەر بنەمای هەماهەنگی و ڕاوێژ لە چوارچێوەی ماڵدا دەکەین، بەوجۆرەش پێکەوە بە یەکسانی ڕەوڕەوەی ژیان بەڕێدەکەین و ژیاری مرۆڤایەتی پێکدەهێنین، بەبێ پێڕەوکردنی ئەم بنەمایە ژیان هارمۆنی خۆی لە دەستدەدا و تەرازووەکەی لاسەنگ دەبێ، کۆمەڵگە بێبەش دەبێ لە عەقڵی نیوەی کۆمەڵگە و کێشەکان زۆر دەبن و ژیان ئاڵۆز دەبێ، بۆیە یەکسانی پێویست و چارەسەرە.

## داخویانیا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ...

# خزمەتکرنا ئافرەتا ئێزدی ئەرکێ نەتوییە

**خەلکێ شەرەفمەندێ کوردستانێ ب گشتی و جڤاکا ئێزدی ب تایبەت ماوەیەکە،ئەم وەک سکرتاریەتا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ل سەر بابەتێ (حەلا مەحلۆ) کار دکەین کو ئێکە ژ کچێن مە یێن ئێزدی ل شنگالێ کو ژلایێ رێکخراوا تیرۆرستی یا داعش ڤە هاتبوو رەڤاندن و هەموو جۆرێن بێ وژدانییێ دگەلدا هاتییەکرن و زۆلم و زۆرداریەکا مەزن لێ بوویە و ژئەگەرێ وێ چەندێ تۆشی شڵەژان و ئالۆزییەکا دەروونی مەزن بوویە وەکو گەلەک ژ گرتی و دیلێن لژێر دەستێ داعش ل بن باندۆرا فشارەکا زۆر ماینە و بوویە ئەگەر کو هزرو بیرێن خۆ ژبیر بکەن.**

ئەڤ کچ ژی قوربانیا وێ چەندێ بوویە وکەفتیە ژێر باندۆرا هزر و بیرێن پاشڤەمایی و ئەو ترسە مایە د ناخێ وێ دا، و کارەکێ وەسا لێکرییە کو تەنانەت ناڤ و ناسنامە و زمانێ خۆ ژ بیر بکەت .لەوما نەشیایە و ل دەستپێکا هاتنا وێ بۆ کوردستانێ نەهاتیە زانین کو کچەکا کورد ا ئێزدی و قوربانیا دەستێ داعشە . پاشان ژ ئەنجاما نەمانا باندۆرا ترس و هەڵسوکەوتێ مرڤدۆستانەیێ ئاسایش و ستافێ چاکسازیێ هۆش و سەربۆر و ژیانا ئازادانەیا وێ یا پێشتر ڤە گەڕیا هزر و ناخێ وێ وئەم وەک ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ب ئەرکێ خۆ رابوین و مە شیایی وێ و کەسو کارێن وێ بگەهینینە ئێک و قەناعەتێ بۆ دروست بکەین کو هیچ مەترسیەک ل سەر وێ نینە و ئەو یا ل جیهەکێ ئارام و بتایبەت پشتی دیتنا کەسو کارێن خو لەوا ئەڤرۆ یەکشەمبێ رێکەفتی ٢٣/٨/٢٠٢٠ ب ئامادەبوونا نوێنەرێ un ل کوردستانێ و شاندەکی ئێزیدیان کو پێکهاتبوو ژ وەکیلێ میرێ و کەسایەتی و



ماقویلێن دەڤەرا شنگال ونوێنەرێ لقێ شنگال یێ پارتی کچا مە (حەلا مەحلۆ) رادەستی دایک و برایێن وێ هاتە کرن.

دیسان ئەم وەک ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ هەموو دەما ژبۆ خزمەتا ئافرەتێن کوردستانێ د ئامادەینە و هەر چی ژ دەستێن مە بهێتن دێ بۆ ئەوان دایک و خویشک و کچێن مە یێن ماینە د دەستێن وان تیرۆرستان دە کەین و هاریکاری هەوڵ وماندیبوونا حکومەت و لایەنێن پەیوەندار بین بۆ رزگاربوون و ڤەگەڕیانا وان بۆ ژیانەکا هێژا و شایەن.

دیسان فەرە سوپاسیا ئاسایشا کوردستانێ بکەین ژبۆ ئەوان هاریکاریین دگەل مەدا کرین سوپاس بۆ هەر جیهەکی دەستێ هاریکایێ دگەل مەدا درێژکری و ب تایبەت لقێ١٧ یێ شنگال.

**ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ**
**٢٠٢٠ / ٨/٢٣**

ژمارە (٣٣٢٤) ٢٠٢٠/٨/٢٤
هەولێر

# ڕۆڵی ئافرەت



## لانە محەمەد علی حافز*

لەکاتێکدا کە مرۆڤ بەرزترین و پیرۆزترین بونەوەر بێت لەم سـەرزەمینەدا و ڕۆڵی سـەرەکی ئافرەت بەرهەمهێنانی نەوەکان بێت، لەپاڵ ئەنجامدانی کاروئەرکەکانی لە دەزگا ئیداری، سیاسـی، کۆمەڵایەتی،ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها لە ئاژەڵداری کێڵگەکان و هەموو بوارەکانی ژیان شانبەشـانی پیاوان. ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤ لە بوارەکانی ژیاندا نیشانەی بەردەوامی و فراوانکردنی ئازادی و تێگەیشتنە لە ژیان.

دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ ئافرەتانی کورد لە نێو کام لەم ژیانەدا دەژین و توانیویانـە چی بۆ خۆیان بکەن ؟ ئایا توانیومانە خۆمان وەڵامی پرسـیارەکانی ژیان بدەینەوە و بەشداریەکی کارامان هەبێت لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردا لە ناو کۆمەڵگە و خێزاندا و هەموو چەمکەکانی تری ژیان؟

هەر کۆمەڵگەیـەک لە هەر قۆناغێکدا کەلتورێکی تایبەتی خۆی هەیە بە جۆرێک کە بەشێک لە بنەماو پرینسیپەکانی ئەو کەلتورە لای تاکەکانی کۆمەڵگە قبوڵکراوەو بەشێکیشـی قبوڵکراو نیە . ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگەی سـەرەتایی، دەبینین کە ئافـرەت کاروبارەکانی بەڕێوە بردووە و لەو قۆناغـەی مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە دایکسـالاریی ناسـراوە، دەبینین کـە ئافرەت بڕیاردەر و هەڵسـوڕێنەر بووە و چەرخەلەی مێژووی بەرەو پێش بردووە بەتایبەتی لە دۆزینەوەو کاری کشـتوکاڵدا، بەڵام دواتر بەهۆی پێویستی مرۆڤ بە ڕاوشکار پیاو دەسەڵاتی لە ئافرەت وەرگرتەوە و ناوە ناوە ئەم دەسـەڵاتە بە پێی پێویستی قۆناغە مێژووییەکان لە نێوان ئافرەت و پیـاودا ئاڵوگۆڕکـراوە، دواتر هێـواش هێواش ڕۆڵی ئافـرەت فەرامۆش کراوە و ئافرەتیش بۆخۆی نەیتوانیوە داکۆکی لە دەسەڵاتەکانی بکات .

کەواتـە کار و ڕۆڵـی ئافـرەت لە بوژاندنـەوەی کۆمەڵگاو ئابـوری وولات هەر لەسەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵەوە بەشێوەیەکی بەردەوام شان بەشانی پیاو خەریکی ڕاوکردن بووە و لە ماڵەوەش ئەرکی خزمەت کردن و ڕێکخستنی ماڵ و گەورەکردنی منداڵی لەسەر بووە هەتا گەیشتن بەم سەردەمە بەردەوام ئافرەتان ڕۆڵیان هەبووە. ئافرەتی کوردیش هەمیشـە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە کۆمەڵگە بەگشـتی و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بەتایبەتی و لە بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردا دوورەپەرێز نەبووە .

ئێمەی میللەتی کورد لە ئێسـتادا لە نێو دوو چەرخی جیاوازدا دەژین، لەلایەک دەمانەوێت هەنگاو بنێن و پێش بکەوین،لە لایەکی تریشەوە کەلتورو عەقڵ وتێگەیشتن لە چەمکەکانی ژیان ناهێڵێت بەرەو دنیای ئازادی کرانەوە و شارسـتانیەت هەنگاو بنێـن. لە ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١ ئافرەتان ڕۆلیان بینی و بەشـداری کاراو چالاک و بەرچاویـان هەبووە بەڵام پێویسـتە ڕۆڵی ئافرەتان بەرجەسـتە بکرێت و ڕەنگ بداتەوە لە گشـت بوارەکاندا، ئەمەش پێویسـت بە هەڵوێسـت و چارەسەرکردنە لەشێوازی پەروەردەیی خێزانەوە دەسـت پێدەکات تا دەگاتە پەروەردەکردن لەناو گشـت مەڵبەندەکانـی خوێندن کە تاکەکان وا پـەروەردە بکرێن و گۆش بکرێن بە هۆشـیاریەکی دروست بەرامبەر یەکتر کە هەموان یەکسـانن لە بەرامبەر بەدەست هێنانی ئامانج و مافەکان .

هەروەهـا هەوڵدان بۆ گۆڕینـی وێنەی ئافرەتان لە کۆمەڵگـە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیری لەنێو تاکەکاندا، زاڵ بوون بەسـەر ئەو دابونەریتـەی کە لەبەهاکانی ئافـرەت کەم دەکاتەوە لەڕێگای دەزگا ڕۆشـنبیریەکانی دەوڵەت وەک ڕاگەیاندن و پەروەردە . دابینکردنی هەندێ بواری خزمەتگوزاری و هەلی کارو ئابوری سـەربەخۆ کە یارمەتیدەربێت بۆ ئافرەتان بۆ بینینی ڕۆڵی خۆیان. ڕەخساندنی دەرفەتی وەک یەکی لەبەردەم ئافرەتان و پیاواندا، ئاشـنا کردنی ئافرەتان بە ئەزمونەکانی دنیای پێشـکەوتوو، ئەوەش بە ڕەخساندنی دەرفەتی ناردنە دەرەوە بۆ دەرەوەی وولات و نەهێشتنی ڕێگریەکانی دەبنە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی ئافرەتان بەناوەندەکانی بڕیارو ئاستەکانی سەرکردایەتی. پێویستە پەرلەمان بە یاسا و حکومەت بەڕێنمایی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان بە هۆشـیارکردنەوە پشتیوانی زامنی مافەکانی ئافرەتان بکەن. حزبە سیاسـیەکان بە کردنەوەی دەسـتەو هۆبەی تایبەت بە پرسـەکانی ئافرەتان و پێگەیاندنیان لەبواری سیاسەتدا، لە هەمان کاتدا پێویسـتە ئافرەتان بەردەوام بن لە خوێندن وزانسـت و زانیاری بەردەوام، هۆشیار و کار بـۆ خۆڕۆشـنبیرکردن بکەن لە ڕێـگای خوێندنەوە و ۆرک شـۆپ و خولی جۆراوجۆرەوە، پشتیوانی یەکتر بن لە سەرخستن و پێگەیاندن.

*چالاکوانی بواری ئافرەتان

# چۆن لەهاوسـەرگیـــ



پارێزەر هێشوو هۆشیار



ئەحمەد صابر

> ئامارەکان بەردەوام دەڵێن کە ڕێژەی جیا بوونەوە بە بەراورد بە ڕێژەی هاوسەگیری زیادی کردووە کە ئەمەش هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە

**هاوسـەرگیری یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی هەر تاکەکەسـێک لە ژیانیدا کە خالی دەسـتپێکە بۆ دروسـتکردنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵ و پەیداکردنی خزمایەتی. بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری و ئەگەر و کۆسـپەکانی لە ڕوویی یاسـا و کۆمەڵگەوە وەڵامی پرسـیارەکانمان لە پارێزەر، توێژەری کۆمەڵایەتی و گەنجانی هەردوو ڕەگەز وەرگرت:**

**پارێزەر هێشوو هۆشیار لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێت :**

**جیـاوازی لە نێـوان مارە بڕینی ئاینی و مارە بڕینی یاسـایی لە دادگا چیە ؟**

– لەو مەرجانەی باسکرا بۆ دوستبوونی گرێبەندی هاوسەرگیری گەر بێنە دی هاوسەرگیریەکە دروست دەبێت واتە مەرج نیە بۆ ودروستبوونی حەڵاڵی و لەڕووی شـەرعەوە لە نێوان هاوسـەراندا دەبێت لە لایەن دادگاوە بێت، بەڵکو زیاتر لە کلتووری کۆندا پێش ئەوەی یاسـا بیکاتە مەرج کە دەبێت هاوسـەرگیری لە دادگادا بکرێت بۆ دروسـتبوونی ئاسـەوارە یاساییەکان و جێگیـر بوونی نەسـەبی منداڵ و لێکەوتە یاسـاییەکانی دیکە، زۆربەی هاوسـەرگیریەکان لەلایەن مامۆسـتای ئاینیەوە ئەنجام دەدران، بەڵام بە پێی یاسای باری کەسی بەرکار پێویستە لە ئێستا گرێبەندی هاوسەرگیری لەلایەن دادگاوە بێت وە پێچەوانەی ئەوە سـەرپێچیکار ڕووبەڕووی سـزای یاسایی دەبێتەوە .

**لە کاتی بوونی هاوسەرگیری دادگاکان چۆن مامەڵە دەکەن؟**

– ئەو شـێوازەی ئێستا پەیڕەوی لێ دەکرێت لە دادگا کاتێک لایەنەکان دەیانەوێت هاوسەرگیری ئەنجام بدەن سەرەتا پێویستە فۆرمێکی داواکاری گرێبەسـتەکە پڕ بکەنەوەو پاشـان لەلایەن دادگاوە نووسـراو ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی باری کەسی دەکات بۆ زانینی باری کەسی لایەنەکان پاشان ئاراستەی پشکنینی پزیشکی دەکرێن گەر ئەم ڕێکارانە بە درووستی هاتنە دی ئەوا دادوەر پەسـەندی گرێبەسـتەکە دەکات و ئاسـەوارە شەرعی و یاساییەکانی لێ دەکەوێتەوە .

**هۆکارەکانی جیابوونەوە چین ؟**

– ئامـارەکان بـەردەوام دەڵێن کە ڕێژەی جیا بوونـەوە بە بەراورد بە ڕێژەی هاوسەگیری زیادی کردووە کە ئەمەش هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە . دەتوانین بڵێین هۆکارگەلێک هەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان و گرێبەندی هاوسـەرگیری کە دەتوانین پۆلێنی بکەین بەسەر دوو کۆمەڵە هۆکاردا:

– هۆکارە تەقلیدییەکان: وەک زۆرێک لەشرۆڤەکارانی بواری کۆمەڵایەتی ویاسـایی ئاماژەیان بەم هۆکارانە داوە کە بریتیە لە خراپی دۆخی ئابووری خێزانەکان و نەبوونی بەرپرسـیاریەتی بۆ ئەسـتۆگرتنی ئەو پرۆسـەیەو نەبوونی زانیاری تەواو دەربارەی لایەنی دەروونی و فیسیۆلۆجی ژن و پیاو، هەروەها دەستەوەردان و بوونی لایەنی سێیەم هۆکاری سەرەکیە لە ئەمڕۆدا بـۆ جیابوونەوەی خێزانەکان و نەبوونی مەنهەنجێکی خوێندن لە یەکێک لە قۆناغەکانی خوێندندا دەربارەی گرنگی ئەو پرۆسەیە.

– هـۆکاری هەنووکەیـی : لە پـاش کرانەوەی کۆمەڵگـەو زیاد بوونی بەکارهێنانـی تەکنەلۆژیا بە،شـێوازێکی گشـتی کاریگەری کردە سـەر پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان و لێکترازانی خێزان بـە تایبەتی ئەمەش بە هۆی سەرقاڵ بوونی ئەندامانی خێزان بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ناپاکی هاوسـەرگیری و تێکچوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان بە شـێوازێکی سلبی و کاریگەریان لەسەر کۆی ژیان و خێزان و کۆمەڵگە.

**توندوتیژی دژی ئافرەت یەکێکە لە پرسە کۆمەڵایەتیی گەورە، بێ گومان ئەمەش دەبێتە یەکێک لە هوکارەکانی جیابوونەوە، بەڵام لە یاسـادا چۆن مامەڵە دەکرێت ؟**

– توندوتیژی دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتی– جیهانییەو هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتـی لێی بێبەر نەبـووە بەڵام ڕادەی توندوتیژی و بوونی یاسـا و کلتوورەکان لە کۆمەڵگەیەکـەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لە گۆڕاندایە، لەم نێوەنـدەدا توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لە کۆنەوە تا ئێسـتا بەردەوامی هەیـە زەبرو زەنـگ و ئاسـەوارەکانی ڕەگ و ڕیشـەیان داکووتاوە بەڵام خۆشـبەختانە بە کاتێک یاسای توندوتیژی خێزانی دانرا تا ڕادەیەکی باش لێپێچینەوەی یاسایی بەرامبەر کەسی دەستدرێژیکار ئەنجام دەدرێت پشت بەسـت بە یاسـای توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی سـاڵی ٢٠١١ کە تیایدا بڕیار دراوە لەسەر پێکهێنانی دادگای تایبەتمەند و کۆمەڵێک کرداری دیاری کردووە کە دەچنە خانەی توندوتیژیەوە:

١- زۆر لێکردن لە هاوسەرگیری.
٢-هاوسەرگیری ژن بە ژنو بە شوودانی بچووک.
٣- بەشوودان لە بری خوێن.
٤-تەڵاقدانی بە زۆر.
٥-بڕینی پەیوەندی خزمایەتی.
٦-زۆر لێکردنی مێرد لە ژنەکەی لەسەر لەشفرۆشیو داوێن پیسی کردنە پیشە .
٧-خەتەنەکردنی مێینە .
٨-ناچارکردنی تاکەکانی خێزان لەسـەر وازهێنان لە فەرمانبەریەتی یان کار بەبێ ڕەزامەندی خۆیان.
٩-ناچارکردنـی منالان لەسـەر کارکردنو دەرۆزە کـردنو وازهێنان لە خوێندن.
١٠-خۆکوشتن بەکاریگەری توندوتیژی خێزانی.
١١-لەبار بردن بەکاریگەری توندوتیژی خێزانی.
١٢-لێدانی تاکەکانی خێزانو منالان بەهەر بیانوویەک.
١٣-ڕیسـواکردنو جنێـودانو جنێـودان بـە کەسو کار وبـەرەو ڕوو تەماشاکردنیان بەکەمو ئازاردانو پیادەکردنی گوشاری دەروونی لەسەریو پێشێل کردنی مافەکانیو بەزۆر سەرجێی کردنی هاوسەریەتی.

وە زیانلێکەوتو لە توندوتیژی مافی پاراستنی لە لایەن دادگاو دەزگای تایبەتمەندەوە پێدەدرێت و لەیاسـاکەدا سزای سەرپێچیکاری دیاری کردوو و هاوپێچ بە بوونی یاسـاو دادگای تایبەتمەند زۆرێک لە توندوتیژیەکان کە بەرامبـەر ئافرەتان ئەنجام دەدرێن مۆرکێکی شـاراوەییان پێوە دیارە کە لەبـەر کلتووری کۆمەڵایەتی زۆرێک لە قوربانیان پەنا بۆ بێدەنگی دەبەن و ڕێگایی یاسایی ناگرنە بەر.

ڕووناک عوسمان، توێژەری کۆمەڵایەتی دەربارەی هاوسەرگیری دەڵێت: هاوسـەرگیری یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکان لە ژیانی هەر تاکە کەسێکدا و هەر تاکێکیش لە ژیانیدا بە سـێ قۆناغدا دەڕوات کە دوانیان بە بێ ئیرادە خۆیەتی ئەوانیش لە دایک بوون و مردنن، بەڵام هاوسـەرگیری بە ئیرادەی تاکە کەس خۆیەتی، ئەو کەسە دێتە هەڵبژاردن کە دەزانێت ئاسودە دەبێت لەگەڵی هەرچەندە ئەسـتەمە کەسێک هەبێت سـەدا لە سەد گونجاو بێت لەگەڵ مروڤ بەڵام ئەو کەسـە هەیە کە نزیک بێت لە کەسـایەتی خۆی. گونجاوترین تەمەن بۆ هاسـەرگیری لەکچاندا ٢٠ تا ٢٥ سـاڵە و بۆ کوڕان ٢٥ تا ٣٠ ساڵ لەبەرئەوە لەم تەمەنەدا مروڤ دەگاتە قۆناغێکی ئامادەبوو بۆ ژیان.

چەندین هۆکار هەیە دەبنە ئەگەری جیابوونەوە لەنێوان هاوسـەرەکاندا لەوانەش ئاشنا نەبوون بە کەسایەتی یەکتر لە قۆناغی پێش هاوسەرگیری، بـاری ئابووریش یەکێکە لە هۆکارەکانی جیابوونەوە کە تایبەت ژن هاوکار نەبێت بۆ هاوسەرەکەی. هەروەها هەبوونی پەیوەندی خوشەویستی جگە لە هاوسەرەکەی هۆکارێکی ترە. تەداخولی کەسانی دیکە هۆکارێکی گەورەیە و دەتوانێت پرۆسەی هاوسەرگیریی بە کۆتایی بێنێت.

گەنجانیـش بۆچوونی خۆیـان هەیە دەربـارەی گونجاوترین تەمەن بو پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری و هەڵبژاردنی هاوسەر لە لایەن دایک و باوک یان خودی خۆیانەوە، یاخود گرنگی ئاستی خوێندن و کاریگەری کومەڵگە لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەر.

سـاوێن خالید، قوتابی زانکۆ پێیوایە تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچان و کـوران مەرج نیە بە پێی تەمەن بێت، بەڵکو پێگەیشـتنی عەقڵیش دەور دەبینێت لەم پرۆسـەیە، بەڵام بەپێی نوێترین توێژینەوەکان تەمەنی ٢٤ سـاڵی تا تەمەنی ٣٢ سـاڵی تەمەنێکی زۆر گونجاوە بۆ هاوسەرگیری وە سەرکەوتوترین هاوسەرگیرییەکان لەو تەمەنانەدا بووە چونکە هەم جەستە و هـەم عەقڵ و هەم لایەنی دەروونی لـەو تەمەنە توانای رووبەڕوبونەوەی گۆرانکارییەکانی هەیە .

ئەگەر کەسـێک بیەوێت داوای هاوسـەرگیریم لێ بـکات دەبێت بەپێی

# ـــــری تێ بگەین؟



رووناک عوسمان



پێوەرەکانی خۆم بێت، بەڵام رای دایک و باوکیشم لەوەیـــا زۆر گرنگە وەک کچێـــک هەموو خێزانی خۆمـــان دەناســـین وە دەزانیـــن چ پێوەرێکیان لا پەســـندە لەو کەســـەدا کە دەیەوێـــت ژیانی هاوبەشـــمان لەگەڵ دروســـت بـــکات، وە منیش گرنگی بە پێوەرەکانی خۆم و خاڵە ئەساسیەکانی خێزانەکەشـــم دەدەم بـــەڵام بریـــاری کۆتایـــی بۆ هەلبژاردنی هاوسەر لەدەستی خۆمدا دەبێت.

بڕوانامە گرنگە بۆ هاوســـەرگیری بەڵام لە بڕوانامە گرنگتر ئاســـتی رۆشنبیری کەسەکەیە چونکە مەرج نیە ئەوەی بڕوانامەی هەبێت رۆشـــنبیر بێت، گرنگە ئاســـتی تێگەیشـــتن و ئارەزوو و بەهاکانی مرۆڤ لەیەکتر نزیک بێت تاوەکو بتوانیت کەمترین کێشەت بۆ دروست بێت. هەر کەسێک پێویســـتە بۆ رەفتاروو بەهاکان رێژەیەک دانێت واتا چی دەوێت لەکەســـی بەرامبەر گەر هاتو ئامانج و بەهاکان ٪٦٥ گەیشتن بەیەک ئەوە رێژەیەکی زۆر باشە، چونکە دەتوانن هاوسەنگی درووست بکەن یەکێک هەندێک لەبەهاکانی خۆی بێتە خوارەوە ئەوەی تر هەندێک لەبەهاکانی بباتە سەرەوە بەم شێوەیە رێژەکە دەکاتە ٪٩٠ ئەمەش رێژەکی بەیەکەوە گونجانی باشە ئەو٪١٠ ی کە دەمێنێتەوە دەبێتە جیاوازی تاکایەتی و دەبێت هەردوو لا رێز لەو جیاوازیە بگرن و یەکتر قبولبکەن بەو شێوەی کەهەن.

وەکو کچێک کە لەناو کۆمەڵگە دەژیم کاریگەری کۆمەڵگەشم لەسەر دەبێت، بەڵام دواجار بەو پرەنسیپانەی کە لای خۆم گرنگە بڕیار دەدەم دەتوانین ئەو پرەنســـیپانەی جوانن لەکۆمەڵگە گرنگی پێبدەین ئەو پرەنســـیپانەی جێگای قبوڵکردن نین بۆ باری ئێستا لایەندەین.

هەروەها قوتابیەکی تری زانکۆ بە ناوی ئەحمەد صابر بەم شێوەیە بۆچونی خۆی دیاری دەکات: هاوسەرگیری پرۆســـەیەکی تەواوکارییە لە نێوان هەردوو رەگەز وەک کایەکی سەرەکی ژیان و بەردەوامیدان پێی وپتەوکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانـــە لـــە کۆمەڵگـــەدا. تەمەنیش وەک یەکێک لـــە پێوەرەکان بۆ دیاریکردنی کاتی هاوســـەرگیری گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لای هەردوو رەگەز، بەڕای من مرۆڤ ئەو کاتە دەبێت بڕیاری هاوسەرگیری بدات کە لە هەرسێ لایەنی (جەستەیی،دەروونی،ئابووری)پێگەیشتبێت، چونکە هەریەکێک لەم سیانە پێگە وبناغەی هاوسەرگیریە و کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی هەردوولادا دەبێت، بەڵام وەک تەمەن بە ژمارە بۆ کەســـێکی تەندروســـت و دەروونددروســـت کە بۆ هاوســـەرگیری ئامادە بێت بە پێی زۆربەی توێژینەوەکان لە کچاندا لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵیدا، بۆ کوڕانیش لە نێوان لە ٢٢ ساڵی بۆ ٢٨ ساڵی تەمەنێکی گونجاوە. بە گشـــتی و بەڕای خۆشـــم وە بە پێی زۆر بەی لایەنەکانی تەندروستی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەوە بۆ هەردوو رەگەز لەســـەر و بیست ساڵیەوە تەمەنێکی گونجاوە بۆ هاوسەرگیری.

چاکترین و باشـــترین جۆری هاوســـەرگیری ئەو هاوســـەرگیرییە کە بەتەواوی رەزامەندی هەردوولای لەســـەربێت، بە نســـبەت خۆمەوە بەبێگومـــان رەزامەندی خۆم و هەڵبژاردنی خۆم بۆ ئەو کەســـەی کە دەمەوێت ژیانی هاوســـەرگیری لەگەڵ پێکبێنم پێش هەموو بڕیار و کەســـێکە، بەڵام بێگومانیش رای ماڵەوەم وەردەگرم لە هەڵبژاردنی ئەو کەســـەی کە خۆم هەڵی دەبژێرم، بەڵام دوا بڕیار لەدەســـتی خۆمدا دەبێت چونکە هاوســـەرگیری لە نێوان من و ئەو کەســـەدادەبێت بۆ پرۆسەیەکی ماوە درێـــژ لەگەڵ یەکتردا، بۆیە رەزامەندی ئێمـــە پێش رەزامەندی دایک و باوکمانە، بەڵام خێزانیش گرنگە و مرۆڤ کەسێکی کۆمەڵایەتیە ناتوانێت بە تەنها بژیت وە پێویستیشی بە راوێژی بەردەوام هەیە لە ژیانیدا بەتایبەت کەسە بە ئەزموونەکانی ژیان وەک دایک و باوک.

بڕوانامە وەک پێوەرێکی رۆشنبیری و تێگەشتنی زیاترلە ژیان گرنگە لە ژیانی هاوســـەرگیریدا، بەڵام وەک پێداویستیەکی ســـەرەکی بۆ ژیانی هاوسەرگیری پارچـــە کاغەزێک ئەوەنـــدە گرنگ نیە. وەک خـــۆم گرنگی زۆر زیاتر بە ئاســـتی تێگەیشـــتنی کەســـەکە دەدەم و نەوەک بڕوانامەکەی یاخود پلەی ئەکادیمیەکەی. بەڵام رێژە تەندروســـتەکەش وەهایە ئەو دوو کەســـەی کە هاوسەرگیری دەکەن لە ڕووی ئابووری،ژینگەی کۆمەڵایەتی،رۆشـــنبیری، پلەی زانستی گەر هەبێت، ...هتد، لە یەکتر نزیک بێت، چونکە تا چەند ئەم خاڵانە لە یەکترەوە نزیک بێت ژیانیان جێگیرتر و ئاسودەتردەبن.

# کاریگەرییەکانی کۆڤید ١٩ لەسەر یەکسانی جێندەری



سروە .ج.ع. بە رزنجی

گومانی تێـــدا نییە کە کۆڤید ١٩ هـــەروەک قەیرانەکانی تر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، کاریگەری کاتی و هەمیشـــەیی دەبێـــت لەهەمـــوو بوارەکاندا. لەســـەرەتاوە کاریگەرییە نەرێنیەکانی لەســـەر بوارەکانی تەندروستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاشکرایە.

ئایا ئەو کاریگەرییانە بە یەکسانی هەردوو رەگەزی نێرو مێی گرتۆتەوە یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە. تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین ئافـــرەت زەرەرمەندترە وەک لەپیـــاو، بۆ نموونە، لەڕووی تەندروســـتیەوە ئافرەت دووگیان دەبێت و کۆڤید ١٩ مەترســـیدارترە لەســـەر باری تەندروستی جەستەیی و دەروونـــی. لەلایەکی تریشـــەوە زۆربـــەی کارمەندانی تەندروســـتی لەجیهانـــدا ئافرەتـــن، بەمـــەش لەبەرەی پێشەوەی جەنگن دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

لـــەڕووی بـــواری ئابـــووری و کۆمەڵایەتیـــەوە ڕێژەی کاریگەرییەکە لەســـەر هەردوو رەگەز لەکۆمەڵگەیەکەوە بـــۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەگوێرەی پێشـــکەوتن و ئاســـتی هۆشیاری و رۆشنبیری دەگۆڕێت. بەگشتی لەجیهاندا ئەو سێکتەرانەی کە کاریان رانەوەستاوە بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە جگە لەکەرتی تەندروســـتی زۆربەی کارمەندانیان پیاون، بۆیە ئافرەتان زیاتر توشی بێکاری بوون. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر قەدەغەکردنـــی قەرەباڵغی، ئافرەتـــان ناتوانن بۆ داواکردنی مافەکانیان گردبوونەوە و خۆپیشـــاندان بکەن، تەنانەت چالاکیە ڕێکخراوەکانیش لەجیهاندا بۆ داواکردنی یەکسانی جێندەری سنورداركراون کە ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ دوارۆژی بەدیهێنانی ئەو یەکسانییە.

ئەگەر تیشـــک بخەینە ســـەر کۆمەڵگەی کوردەواری، دەتوانین بڵێێن یەکســـانی جێنـــدەری تاڕادەیەک لاوازە، چونکە ئافرەت لەدەرەوە شـــان بەشـــانی پیاو کاردەکات و لەماڵـــەوەش ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵی لەسەرشانە. ڕاگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریی خراپی هەبوو لەســـەر باری دەروونی هەردوو رەگـــەز بەتایبەتـــی پیـــاوان کـــە فێرنیـــن ٢٤ کاتژمێر لەماڵەوەبـــن، ئەمەش دەبێتە هـــۆکاری نەمانی ئارامی و لەئاکامدا هەندێکجار توندوتیژی دەروونی یان جەســـتەیی دژ بـــە ئافرەت ئەنجـــام دەدەن. بەڵام نابێـــت ئەوەمان بیربچێت کە کەرەنتینە بۆتە هۆکاری لەیەکنزیکبوونەوەی ئەندامان هەندێک لە خێزانەکان بەتایبەت لەو خێزانانەی دایـــک کارمەندی فەرمانگەیەکی وەک تەندروســـتی بێت کاتێک لەســـەر کارە باوک کاروباری ناوماڵ و پەروەردەی منـــداڵ دەگرێتە ئەســـتۆ بەمەش جۆرێک لەیەکســـانی جێندەری و هاوسەنگی دروست دەبێت، هەرچەندە ئەگەر ڕێژەکـــە لەکۆمەڵگەیەکـــی رۆژهەڵاتـــی وەک کۆمەڵگەی کوردی کەم بێت، بەڵام وەک ســـەرەتاییەک بۆ ئەو پرسە جێی دڵخۆشییە.

هەولێر ژمارە (٣٣٢٤) ٢٠٢٠/٨/٢٤

# دیارکرنا رۆلێن رەگەزی ژ لایێ جڤاکی ڤە



شەیما مستەفا

ب شێوێ گشتی د ژیانا جڤاکی دا و تایبەت د ژیانا کاری دا ئافرەت د گروپا مەترسیێ دا، ئەگەرێ سەرەکی یێ ڤێ چەندێ ژی ئەو رۆلێن دیار کرینە د ناڤ جڤاکی دا بو رەگەزان هاتین دیار کرن. د ناڤ جڤاکێن پاشکەفتی دا تایبەت ل رۆژهەلاتا ناڤین ئافرەت بارا پترین جارا دهێتە قەلەمدان ب چینا دووێ د سەرجەم بواران دا و دهێتە وەسف کرن ب هەبوویەکا لاوازتر ژ رەگەزێ زەلام.

دیارکرنا رۆلی هەر ژ سەردەمێ زاروکینیێ ژ لایێ کەسانێن مەزن ڤە (دەیک و باب) تایبەت زەلامی ڤە و ل دویڤدا ژ لایێ ئافرەتێ ب خوەڤە دهێنە دیار کرن — ل ڤێرێ ئافرەت فەرمانا زەلامی بجهـ دئینیت ژ بەر کو سیستەمێ پیاوسالاری پەیرەو کریە — و زاروکا کچ ئەرکێن وەک پاقژکرنا مالێ، چێکرنا خوارنێ و خودانکرنا زاروکان پێ دهێنە راسپاردن و بو زاروکێ کورِ ئەرکێن وەک شەرکەرِیێ و دانا چەکی پێ دهێنە راسپاردن، ئانکو هەر ژ زاروکینیێ کچ دهێتە وەسف کرن ب پلا دووێ و کورِ دهێتە دیار کرن بهێزترین رەگەز بەرامبەر کچێ. ئەڤە ژی ژ بلی دیارکرنا رۆلێ رەگەزی د ناڤ جڤاکی دا ئەنجامێن نەرێنی یێن دەروونی ل دویڤدا پەیدا دبن و کارتێکرنێ ل هەر دوو رەگەزان دکەن.

د ناڤ ژیانا کاری و پیشەیی دا جڤاک ب چاڤەکێ کێمتر بەرێ خوە ددەتە ئافرەتێ و پتر فشار دکەڤیتە سەر رەگەزێ مێ، ژ بەر کو هەر ژ زاروکینیێ رۆلێ وان هاتی دیار کرن و هاتینە سنوردار کرن ژ لایێ سەمیانان ڤە، بو نموونە دیارکرنا شێوازێ جل و بەرگان ژ لایێ سەمیانان ڤە دهێتە دەست نیشانکرن بو کچێ و ئەو ئازادیا بو کورِی دهێتە دان بو کچێ دهێتە وەسف کرن ب گونەهـ و هەتکبەری. یان ژی ل دەمێ هاتنا قوناغا پێکئینانا هەڤژینیێ گەلەک سروشتی یە خێزان کچەکێ بو کورِێ خوە ببینیت و ئامادەنە بو دەمەک درێژ شیانێن خوە بو ڤێ مەبەستێ ب مەزێخت بەلێ ل دەمێ دیتنا هەڤژینەکی بو کچا خوە ب ئێک جاری بەروڤاژی ڤێ چەندێ دکەت.



# من کۆلم نەدا و بەردەوام بووم

سەرەرِای هەبوونی گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم کارکردنی ئافرەتان لەدەرەوەی ماڵدا، دەبینین ئافرەتان بەدەر لە رِاپەرِاندنی کارەکانی ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵ، هەوڵیانداوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و دەستەبەرکردنی ئابورییەکی سەربەخۆ بەهاوشانی پیاوان بەشداربن لە کارکردن لە کەرتی گشتی و تایبەتدا، دەیانەوێت لەرێگەی کارکردنەوە هێزو توانای خۆیان بخەنەگەرِ و بەشێک بن لە پێشخستنی ئابووری کۆمەڵگەکەیاندا.

ئەو ئافرەتانەی بوێرانە دەستیان کردوە بە کاری سەربەخۆی خۆیان، رۆژ بەرۆژ لەناو کۆمەڵگەی کوردی بەرەو زیادبوون دەچێت " ئاواز عەلی مزوری" دانیشتووی شاری سۆرانە و خاوەنی سەنتەرێکی تایبەت بە جوانکاری و جلوبەرگی بووکە.

ئاواز عەلی لەبارەی کارەکەیەوە دەڵێت: زۆر دەمێک بوو حەزم لەکارێک دەکرد کە خۆم خاوەنی بم و بتوانم بەپێی توانای خۆم بەرِێوەی بەرم، هەرچەند بۆ ئەم کارە پێشتر پلانم نەبووە چونکە بەشێوەیەک بوو کە لەرێگەی هاورێیەکی برایەکەمەوە پێشنیاری کارێکی لەو جۆرەی بۆ براکەم کردبوو بەڵام لەبەرئەوەی براکەم ئارەزووی لەسەر ئەو کارە نەبوو، داوای کرد من ئەنجامی بدەم، منیش بەخۆشحاڵیەوە پەسەندم کرد و دەستم بەکارکردن کرد.

"پاڵپشتیکردن هۆکاری سەرکەوتنمە"

ئاواز دەڵێت: ئەندامانی خێزانەکەم بەتایبەت براکەم زۆر پاڵپشتیم دەکەن وهاوکارمن بۆ بەردەوامبوونم لەسەر کارەکەم، بەڵام بەداخەوە هاوپیشەکانم بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرم کە هەوڵیان ئەدا لەم کارە پەشیمانم بکەنەوە و دەستبەرداری کارەکەم بم چونکە دەیانزانی رۆژ بە رۆژ بەرەو پێشکەوتن وناوبانگ دەرکردن دەچووم.

"من کۆلم نەدا و بەردەوام بووم"

هەرچەند زۆر هەوڵیاندا وازبێنم و کۆڵ بدەم بە پێچەوانەوە ئەو کارەکەی ئەوان هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ من تابتوانم بیرۆکەی زیاتر و باشتر لەسەنتەرەکەم و بزنسەکەمدا بەکاربێنم وا فراوانتری بکەم.

ئاواز دەڵێت: دەمەوێت زیاتر خزمەتی کۆمەڵگەکەم بکەم لەرێگەی پێشخستنی کارەکەمەوە، ئومێدەوارم ئێمەی ئافرەتیش بەشێک بین لەبەرەوپێشچوونی ئابووری خێزان و کۆمەڵگەکەماندا، هەمیشە سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە رێز لەماندووبوونی ئافرەتانی خاوەنکار و ماندوو دەگرن.

پەری نەجم

# لەهێلینەوە

– لە کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەسرە ماستەرنامەیەک لەسەر "عادیلە خانم" گفتوگۆی لەسەرکرا کە لەلایەن "نورە وادی محەمەد شلبی" ەوە ئامادەکراوە. نورە محەمەد لەتێزی ماستەرەکەیدا بە وردی باس لە رۆڵ و کاریگەرییەکانی عادیلە خانم دەکات کە چۆن توانیویەتی وەک ئافرەتێکی کورد کارەکانی بەسەرکەوتووی راپەرِێنێت و لەمێژووی کورد دا ناوی وەک سەرکردەیەکی ئافرەت تۆمار بکرێت.

– لەئەمریکا بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتان، سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ بە برِیارێکی فەرمی داوای لێبوردنی لە " سۆزان ئەنتۆنی" چالاکوانی بواری مافەکانی ئافرەتان کرد لەبەرامبەر ئەوەی کە لەساڵی ١٨٧٢ لە هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا دەنگدانەکەی بە نایاسایی هەژمارکراوە و لەلایەن دادگاوە رەتکراوەتەوە. جێگەی ئامارە پێکردنە لەساڵی ١٩٢٠ دوای خەبات و تێکۆشانی ئافرەتانی ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا مافی دەنگدان بە ئافرەتان دراو و لەدەستوری ئەو وڵاتەدا جێگیر کرا.

– سەرۆک کۆماری تونس، قەیس سەعید، دۆسیەی جوڵاندن و هەوڵدان بۆ متمانە پێدان بە پرۆژە یاسای یەکسانی لەمیرات لەپەرلەمانی وڵاتەکەیدا پەکخست، لەکاتێکدا کە چالاکوانان و ئافرەتانی تونس دەیانویست لەرێگەی ئەو پرۆژە یاساییەوە مافی یەکسانی و بەدەستهێنانی مافەکانیان بەرز رابگیرێت. ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو بۆ ئافرەتانی تونس، لە بۆنەی رۆژی نیشتمانی ئافرەتانی تونس، سەرۆکی وڵاتەکەیان ئەو برِیارەی داوە.

– لەمێژووی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا و بۆیەکەمجار ئافرەتێکی رەش پێست بۆ جێگری سەرۆکی ئەمریکا، کاندید دەکرێت. کامێلا هاریسی لەدایکبووی ١٩٦٤ئەو ئافرەتەیە کە دەبێتە یەکەم خانمی رەش پێستی ئەمریکی کە بۆ ئەو پۆستە لەلایەن پارتی دیموکراتەکانەوە هەڵبژێردراوە. هاریس بەرەچەڵەک خەڵکی جامایکایە و خێزانێکی کۆچبەرن و لەساڵی ٢٠١٧ ەوە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە.

ناسک سەعید
naskasaeed80@gmail.com

شەیما مستەفا
seymamustafa331@gmail.com